# مووچەی ڕێزلێنانی ئەدیب و نووسەران دەستكەوتێكی مەزنە ، خۆزگە دەستكاریی ماوەی بەخشینەكەی نەدەكرا

ئازاد محمد عبدالله – هەولێر

سەرەتا پڕ بەدڵ و دەروونەوە دان بەوەدا دەنێم و دەڵێم ، هەموو مرۆڤێكی بەویژدان نابێ ئەو گەورەیی و پیرۆزییەی بەخشینی مووچەی ڕێزنان لە نووسەر وئەدیب و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان فەرامۆش بكات ، ئەوەی بەم دواییە بە پشتگیریی خودی سەرۆك بارزانی و بەهەوڵ و كۆشش و دڵسۆزیی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان كاك نێچیرڤان بارزانی ڕەزامەندی لەسەر كراو ، وەزارەتی ڕۆشەنبیریی پێوەی سەرقاڵە و لەهەوڵی ئەوەدایە لەو ڕۆژانەدا بەسەر وەجبەی یەكەمی ڕێزلێگیراوانی دابەش بكات . دیارە ئەوەیش خۆی لە خۆیدا وەفاداری و دڵسۆزیی سەرۆك بارزانی و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان – ئیدارەی هەولێر دەسەلمێنێ .

هەروەها ناشبێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش بكرێت ، كەلەوەتەی عێراق دەوڵەتە بەهەموو قۆناغ و سەردەمەكانی حكومەتە جۆراجۆرەكانییەوە هەر لەڕۆژی داگیركردنییەوە لەلایەن ئینگلیزەوە تا دەگاتە سەردەمانی حكومەتە دیكتاتۆرە خوێنڕێژەكەی بەعسی فاشی هەنگاوێكی لەم بابەتەی ئەمڕۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان نەنراوە بەمەبەستی ڕێزنان لە نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان ، بەڵكو ئەوەی ئەوان كردوویانە زێتر چەوساندنەوەو كوشت وبڕی هەموو چین و توێژێكی كۆمەڵی كوردواری و عێراقی بووە . لەوەیش زێتر دەتوانم بڵێم ، ئەوەی ئەمڕۆ لە كوردستاندا كراوە ڕەنگە نە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نە لەسەر ئاستی وڵاتە پێشكەوتووەكانی دنیادا كراوە و بكرێ . بێگومان ئەم كارە و هەڵوێستە مەزن و پیرۆزە تەنها لەو كەسایەتی و بەرپرسانە دەوەشێتەوە كە دەست و دڵ و دەروون پاك و بەرفراوان بن ، ئەوانەی بێ سڵ كردنەوە ڕێز لە گەورەیی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگرن .

ئەوەتا دوای ماوەیەك چاوەڕوان ، دوای ئەوەی هەندێ كەس باوەڕ و هیوابڕاو بووبوون لەبەرئەوەی كارەكە نەختێ درێژەی كێشا ، كە ڕەنگە لە دواكەوتنەكەیدا كەسانێك هەبووبن حەزیان بەئەنجام گەیشتنی ئەم پرۆژە مرۆڤایەتییە نەبووبێت ، هەر بۆیە بەئەنقەست

www.kurdistannet.org

گرفتی ئەوتۆیان بۆنایەوە کە بەم شێوەیە دوابکەوێت ، بەڵام خەمخۆریی بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ، کەسانێکی دڵسۆزی نووسەر و ئەدیب و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان هەموو ئەو گرفتانەیان بەلاوەناو ، پرۆژە پیرۆز و مەزنەکەیان بەئاکام گەیاند .
تاکە گازاندەیەك کە خەریکە لێرە و لەوێ سەرهەڵدەدا ئەوەیە ، کەبڕیار بوو بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتیی حکومەت مووچەکە لە ( 1 / 10 / 2003 ) بۆ هەموو ئەوانە سەرف بکرێت کە مووچەکە دەیانگرێتەوە ، بەڵام دیارە بەهەر مەبەستێك بێت دەسکاری کاتەکە کراوە و ، رۆژی جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە کراوەتە ( 1 / 1 / 2004 ) ، لەمەشیاندا زۆران لەوانەی ئاگاداری مەسەلەکەن وای بۆ دەچن کە ئەوەی کراوە لە ئەڵقەیەکی خوارەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەم دەستکارییە کراوە ، کە ئەوەیش نەدەبوو بکرێ ، چونکە لەو رۆژەی پرۆژەکە رەزامەندی لەسەر کراوە وا بەخەڵکی گوتراوە کە لە رۆژی ( 1 / 10 / 2003 ) کار بە بڕیارەکە دەکرێت و ، لەو رۆژەشەوە مووچەکە حیسابە بۆیان ، من دڵنیام کە ئەو گۆڕانەی بووە دوور لە ئاگاداریی بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەت بووە ، چونکە ئەوان ئەگەر دڵ و دەروونیان هێندە گەورە و فراوان بێت مووچەی رێزلێنان بۆ زێتر لە ( 2000 ) کەس بڕنەوە ، قەت دەستیان ناچێتە ئەوەی ئەو ( 3 ) مانگەی لێ بکوژن کە خودی خۆیان زووتر بڕیاریان بۆی دابوو ... بۆیە پێداچوونەوەیەك لەمبارەیەوە پرۆژەکە مەزنتر و پیرۆزتر دەکات .
هەر بەم بۆنەیەشەوە پێم باشە ئەگەر لابەلاش بێ ئاماژە بۆ مەسەلەی میلاکات و مووچە و نیزامی تازەی مووچەی فەرمانبەرانیش بکەم ، کە ئەمڕۆ لە سەرتاسەری کوردستاندا بینە وبەردەیەکی زۆری لەسەرەو ، رەنگە زێتر لە دوو لەسەر سێی فەرمانبەران بەهەموو پلە و پایەکانیانەوە گلە و گازندە لە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی بکەن ، کە یاسا و نیزامێکی تەواو و یەکگرتوو بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و داوودەزگاکانی حکومەت دەرنەکراوە و ، هەر فەرمانگەیەك بە ئارەزوو و میزاجی بەرپرسانی خۆی پلە و پایە دابەش بکات و ، مووچە بۆ فەرمانبەرانی دەبڕێتەوە .
بۆ ئەم مەبەستەش بەچاکی دەزانم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی لەم مەسەلەیە بەخاوەن بکات و بەپەلە لیژنەیەکی تایبەت و بێ لایەن لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن و دەستەی چاودێریی دارایی دروست بکات بۆ پێداچوونەوە بەهەموو ئەو کارانەی تا ئێستا بە

ناعەدالەت ئەنجامدراون ، کە ئەمەش خێر و چاکەی هەموو هاوڵاتیانی تێدایە و ، خوای گەورەیش چاکەی چاکەکاران لە بیر ناکات .
لە کۆتاییدا دەستخۆشیی لەهەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لەخەمی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییان دان و ، بەردەوام بەسەریان دەکەنەوە .

www.kurdistannet.org